بەهۆی هەڕەشەکان کچێک لە ئاکرێ کێتایی بە ژیانی دەهێنێت

بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە، کچێک بە ناوی لەمیس فەهد فازلی تەمەن 17 ساڵ، دانیشتووی سنووری قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک سەرەتای ئەم هەفتەیە بەهۆی فشار و هەڕەشەکردن لێی لەلایەن پیاوێکەوە، ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و ڤێژی دووشممە (6ـی ئایاری 2024) بەهۆی زۆری ڤێژی سووتانی جەستەی لە نەخۆشخانەی شاری دهۆک گیان لەدەست دەدات.

ڕووداوەکانی کوشتن و ناچار بەخۆکوشتن و گیانلەدەستدانی گوماناویی ژنان لە هەرێمی کوردستان تا دێت ڕوو لە زیادبوونە، کێتایی مانگی نیسانی ڕابردوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاویکردەوە، کە لە ساڵی 2023دا بە پاساوی "شەرەف" 30 ژن کوژراون و ئەوەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە بە فەرمی پشتڕاستکراوەتەوە.